جەگری سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران جەختی لە پرسی خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان کردەوە



شاخوان عەبدوللا جەگری سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەمڕۆ پێنجشەممە، جەختی لەسەر پێویستی هەوڵدان لەلایەن دامەزراوەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی خزمەتگوزاریەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان کردەوە. نووسینگەی ڕاگەیاندنی جەگری سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاند، "شاخوان عەبدوللا جەگری سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران، لە نووسینگەی فەرمی خۆی لە بەغدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک نوێنەر، شاندکی شێخ و کەسایەتیە ناودارەکانی عەشایری پێشوازیکرد لە چەند کەسایەتیەکی پارێزگاکانی زیقار و موسنا، بە سەرکایەتی شێخ ئیاز فەرهود شەعلان، شێخی هۆزەکانی بەنی زەید". شاندی میوان خۆشحالی خۆیان بە دیداری جەگری سەرۆك پەرلەمان دەربڕی و سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ ئەو پێشوازیە گەرم و بەخێرهاتنە دەربڕی، هاوکات باسیان لە بارودۆخی گشتی وڵات و ناوچەی گەورەی عەشیرەتەکان کرد لە دامەزراندنی بناغەکانی ئاسایش، چارەسەرکردنی ململانێکان، بەرزکردنەوەی سەقامگیری و پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی. هەروەها جەگری سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران کوێی لە "داواکاری شاندکە و گوڕینی ئازارەکانی خەڵك لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور بەهێی نیبوونی خزمەتگوزاریەیە سەرەتاییەکان و کەمی ئاو گرت". جەختیشیکردەوە، "پێویستی هەوڵدان لەلایەن وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی

ناوچەکان"، داوایکرد "گرنگی پابەندبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی و پتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان هەموو پێکهاتەکان".